Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090205

# فرەزمانی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە

أمير محمد محمدأمين

عەبدوڵلا حوسێن رسول

بەشی زمانی کوردی // کۆلێژی زمان // زانکۆی سەلاحەددین

Article Info

Received: February ,2022
Accepted : April,2022
Published :June ,2022

Keywords

کۆزمانەوانی، فرەزمانی، گوتن، کۆمەڵگە، زمان.

Corresponding Author

muhammadamin@su.edu.krd
Abdullah.Hussein@su.edu.krd

پوختە

زمان بە گوێرەی ئەو شێوەیەی، کە لە ناو کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت، ناوی لێ دەنرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فرەزمانی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە)، سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە قسەکەرانی هەرێمی کوردستان _ عێراق، کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە لە خۆدەگرێت. شێوازی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکان و قسەکەرانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی بژاردەی هەڕەمەکی و مەیدانی دەست بە دەست، سنوری کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش بۆ فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە. ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی کۆزمانەوانیی شیکاری کارەکی و پرۆگرامی ئێس پی ئێس ئێس (SPSS)، پەیرەوکراوە، ئەم پرۆگرامە داتاکان بە شێوەی خشتە دیاریدەکات و شیاندەکاتەوە و دەرئەنجامەکان دەخاتەڕوو.

کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی لە چەندین نەتەوە و ڕەگەز و زمانی جیاوازەوە پێکهاتووە، توێژەر گریمانەی ئەوەی کردووە، دەکرێت بە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی هەژماربکرێت. ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەی پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتنانی زمان دەبینێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (فرەزمانی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە)، ئەمەش بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بۆ خستنەڕووی دەرئەنجامی وەڵامی پرسیارەکان، ڕێگەیەکی تازەی ئاماری زانستییە لە بواری کۆزمانەوانیی کوردیدا، و ژمارەیەك پرسیاری خستۆتەڕوو، هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١_ ئایا لەم زمانانەدا: زمانی کوردی، زمانی تورکمانی، زمانی سوریت، زمانی ئەرمەنی، زمانی عەرەبی و زمانی تر کامە و کامەی دەزانیت؟ یانیش هەر تاکە زمانێك دەزانیت؟

٢_ ئایا زمانی دایکت، واتە؛ زمانی یەکەمت چییە؟ بۆ ئەوەی توێژەر لای ڕوون بێتەوە، کە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی تاك زمانییە، یاخود فرەزمانییە.

شێوازی توێژینەوەکە تەرخانکراوە، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری لە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئاخێوەرانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوەی بژاردەی هەڕەمەکی (Random) و مەیدانی دەست بە دەست، سنوری کۆکردنەوەی داتاکانیش بۆ فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان دیاریکراوە و ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی کۆزمانەوانیی شیکاری کارەکی و پرۆگرامی ئێس پی ئێس ئێس (SPSS)، پەیڕەو کراوە. ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەی پێکهاتووە لە پێشەکی و دووبەش، لە بەشی یەکەمدا باسەکانی بریتین لە کۆزمانەوانی، زمان و گوتن لە کۆزمانەوانیدا، زمان و کۆمەڵگە، کۆمەڵگە، کۆمەڵی زمانی، شێوەکانی زمان، فرەزمانی و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، بەشی دووەم باس لە فرەزمانی و فرەنەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، زمانی تورکمانی، زمانی سوریت، زمانی ئەرمەنی، زمانی عەرەبی، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە، پاشان لایەنی کارەکی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و پەیوەندیی زمان و کۆمەڵگە ڕووندەکاتەوە، ئینجا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پێشنیاز و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخرێتەڕوو.

### ١_کۆزمانەوانی[١] Sociolinguistics:

کۆزمانەوانی، یەکێکە لە زانستەکانی سەربەخۆی زمانەوانی، هەربۆیە زمانەوانان کەوتنە ناساندن و پێناسەی جۆراوجۆر سەبارەت بە کۆزمانەوانی، بەم جۆرە بە پێویست دەزانرێت، هەندێك لەم پێناسانە بخەینەڕوو.

_ محمد على الخولى دەڵێت:(کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانیی کارەکی، لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانی دیالێکتی جوگرافی و دیالێکتی کۆمەڵایەتی و جووت زمانی و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات)(محمد علي الخولي،١٩٩١: ٢٦١).

_ دەیڤید کریستاڵ لە بارەی پێناسەی کۆزمانەوانیدا دەڵێت:(کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانی، لێکۆڵینەوە لەم ڕێگایانە دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا یەکدەخات، بە دیاریکراوی لەگەڵ پیشاندانی چەمکەکانی، وەکو نەژادی، مرۆڤناسی، ڕەگەزی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی) (Crystal, 1992: 357- 358).

_ ئەرەنۆف و میللەر ئاماژە بەوە دەکەن،کە (کۆزمانەوانی توێژینەوە لە دیالێکتە جۆراوجۆرەکان و جۆرەکانی زمان و کاریگەری زمان لە سەر کۆمەڵگە و بە پێچەوانەشەوە دەکات و هەندێك لایەنی گرنگ و شاراوەیان پیشاندەداتن)(Aronoff and Rees- Miller, 2003: 563).

_ جون لاینز لە پێناسەی کۆزمانەوانیدا، دەڵێت:(ئەو زانستەیەیە، کە توێژینەوە لە زمان دەکات لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەوە)(محمد محمد یونس علي، ٢٠٠٤: ٢١).

_ هەر سەبارەت بە پێناسەی کۆزمانەوانی ماتیۆس ئاماژە بەوە دەکات،(کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوەیەکی زمانییە، پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە)(Matthews, 2011: 372).

_دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح لە بارەی پێناسەی کۆزمانەوانیدا دەڵێت: ((کۆزمانەوانی لە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێ))(محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠: ١٣٩).

_هەر سەبارەت بە پێناسەی کۆزمانەوانی، دکتۆر یوسف شەریف سەعید دەڵێت: ((ئەم زانستە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی کە لە ئارێشەکانی دیالێکتە جوگرافیەکان و دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای دوو زمانی و کاریگەری نێوان زمان و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە))( یوسف شەریف سەعید،٢٠١١: ٢٠).

لێرەدا بەم جۆرە کۆزمانەوانی دەناسێنین.

_کۆزمانەوانی زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی زمان و کۆمەڵگە دەکات و پەیوەندیی جۆرەکانی دیالێکت و زمانەکان و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شیدەکاتەوە.

بەم شێوەیە زمان و کۆمەڵگە بە یەکترییەوە گرێدراون و نابێت لە یەکتری جودا بکرێنەوە، واتە هەردوولایەن هاوتەریب و تەواکەری یەکترن و دژی یەکدی نین و هەر یەکەیان ئەوی تر تەواو دەکات. واتە؛ کۆزمانەوانی، وەکو زانستێك لایەنی پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگەوە چییە، دەیخاتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوە، تاکو ڕایەڵەی پەیوەندییەکە بە شێوەیەکی ڕوون بدۆزێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە کۆزمانەوانی بایەخ بە لایەنی ئەزموونی لە بەکارهێنانی زمان لە ناو کۆمەڵگەدا دەدات و باس لە هەمەلایەنی پسپۆرییەکان دەکات و لە لایەکی ترەوە هەمەجۆری و فرەزمانی و شێوەکانی زمان لە تاکە کۆمەڵگەیەدا دەستنیشان دەکات. سەرەڕای ئەوەی کۆزمانەوانی بە بەشێك لە زمانەوانیدا دادەنێت، بەدواداچوونیش لەو ڕێباز و شێوازانەش دەکات، کە زمان لەگەڵ کۆمەڵگە بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، سەبارەت بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەگەر وابوو، زمانەوانی، گوتنی مرۆڤ لە بەشەکانی، یان بەشکردنی بە پێی پێوەرێکی دیاریکراو، لە پێناو لێکۆڵینەوەدا، بە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی جیابکاتەوە، ئەوە کۆزمانەوانی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات، بەو دەربڕینەی، کە لە کۆمەڵگەدا دێتەدی، یاخود لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی زمانەوانیدا دەکات، کاتێك کاردانەوەی زمانی دەبێت(عبده الراجحي،١٩٩٥: ٢٤). واتە؛ دەکرێت، بۆ تێگەشتن و شیکردنەوە لە زمانەوانیدا گوتن بە پێی پێوەر بەش بەش بکرێت، کە ئەم گوتنە لە کۆزمانەوانیدا سەرچاوەکەی کۆمەڵگەیە، ئینجا لەو کاتەدا بە پێی کاردانەوەی زمانی، دەکرێت دیاردەکانی زمانەوانی دیاری بکرێت. بەم جۆرە (کۆزمانەوانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تاقیکاری بۆ

چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا و بوارێکە توێژینەوە لە فرەپسیۆرییەکان دەکات و گرنگیەکی زۆر بە هەریەك لە هەمەجۆریی زمان و فرەزمانی و شێوەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەدات (Aronoff and Rees- Miller, 2003: 563).

١_١_زمان و گوتن لە کۆزمانەوانیدا:

زمان و گوتن دوو لایەنی گرنگی کۆزمانەوانین، چونکە زمان بەهۆی گوتنەوە، دیاردەکانی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت، تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن لە لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی زمانی بکرێت، بەو ئامانجەی لایەنە شاراوەکان و نەدۆزراوەکانی ببیندرێتەوە.(توانستی زمان Langage لایەنێکی تاکی و لایەنێکی کۆمەڵایەتی هەیە و هیچ یەکێکیان لەم دوولایەنەدا ناتوانن، بەبێ ئەوی تر لەوەش زیاتر وێنا بکەن)(فردینان دی سوسور، ١٩٨٨: ٢٦). واتە؛ سەرەڕای ئەوەی تاك خاوەنی توانستی زمان و بەهرەیەکی زمانی هەیە و سەرجەم یاسا و ڕێساکانی زمانی لە مێشکیدا جێگیرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵگەیەکی زمانی دیاریکراودا، کۆمەڵ خاوەنی ئەم توانستە زمانییە و تاك سەرجەم ئەو یاسا و ڕێسا زمانیانەی لە کۆمەڵ وەرگرتووە و پێیەوە پابەندە.

(گوتن Parole ئەو ماددەیەیە، کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەست بهێندرێت، توانستی زمانی هەموو کۆمەڵێکی زمانی، کە فەرهەنگەکەی و ڕێزمانەکەی و فۆنۆلۆجیاکەی لای تاکەکانی جێگیرکراوە، کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا گەشە دەکات و گەشەکردنەکەی لە سەر بنچینەیەی ئەو شوێنەیە، کە بە زمانی ئەو کۆمەڵگەیە قسە دەکات و لێی تێدەگات)(ر.هـ روبنز، ١٩٧٨: ٢٨٩). بەم پێیە گوتن کەرستەیەکی بەرهەمهاتووە لای ئاخێوەر، بە پێی ئەو یاسا و دەستورە زمانییەی بۆی دیاریکراوە، کە دەتوانێت لەگەڵ هاوزمانییەکانی ئاخاوتن بکات و قسەیان بۆ بکات و لە هەمانکاتیشدا گوێ لە قسەکانیان بگرێت و لێشیان تێبگات. هەربۆیە (گوتن بریتییە لە ئارەزوویکی تاکی بۆ بەکارهێنانی زمان)(محمود فهمي حجازي، ١٩٧٣: ٢٦). واتە؛ هەر کاتێك ئاخێوەر بیەوێت، قسە بکات، قسە دەکات و بە پێچەوانەشەوە، بە پێی ویستی خۆی لە کات و ساتی خۆیدا زمان بەکاردەهێنیت. بەم جۆرە (گوتن هەمیشە لە سەر هەبوونی سیستەمێکی جێگیر پێکدێت و هەتا لە سەر کردەیی پێشکەوتن، کە لە هەر ساتێکدا سیستەمێکی وەستاوە بۆ خۆی و بەرهەمێکە بۆ کاتی ڕابردوو)(فردینان دی سوسور، ١٩٨٨: ٢٧).

قسەکردن بەردەوام بە پێی پەیڕەوێکی دیاریکراو بەڕێوە دەچێت، ئەگەر ئەم پەیڕەوە دیاریکراوە لە ئارادا نەبوو، ئەوا قسەکردن بەڕێوەناچێت و تێکگەیشتنی هاوبەش دروست نابێت. بەم پێیە (دەنگەکانی گوتن لە ڕوانگەی قوتابخانەی پراگەوە سەر بە گوتنە Parole، بەڵام فۆنیم سەر بە توانستی زمانە Language هەر فۆنیمێك لە یەکەیەکی فۆنۆلۆجی لێکدراوە لە ڕێگەی دەنگەکانی گوتنەوە پراکتیزە دەکرێت)(سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠: ٣٣٨). لە قوتابخانەی زمانەوانیی بونیادگەریی پراگدا دەنگەکانی زمان دەچنە خانەی ئاخاوتنەوە، کەچی فۆنیمەکان دەچنە خانەی زمانەوە، ئینجا لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانی کەرستەی واتادار بەرهەم دەهێنرێن و لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە، یان نووسینەوە بەرجەستە دەکرێن. (زمان سیستەمێکە لە هێمای دەنگی، کە لە سەری ڕێککەوتوون لە ژینگەیەکی زمانی دیاریکراودا)(محمود فهمي حجازي، ١٩٧٣: ٢٦). هەموو دەوروبەرێکی زمانی، کە خاوەنی کۆمەڵەی نیشتەجیبووی خۆیەتی، خاوەنی زمانێکی دیاریکراوە و ئەو زمانە دیاریکراوەش خاوەنی یاسا و ڕێسای خۆیەتی، کە پەیوەستە بە هێمای دەنگی تایبەت بە خۆی بەپێی ئەو سیستەمەی، کە لەسەری پێکهاتووە.

بەم شێوەیە (زێلیگ هاریس[٢] لە وەسفکردنی زماندا ئاماژە بەوە دەکات، کە زمان تەنها ڕێکخستنی زانستییە بۆ گوتن)(هناء صبري، ٢٠١٥: ٢٥٤). واتە؛ هەموو زنجیرە ڕیزکردنێکی گوتن، ڕێکخستنێکی زانستی هەیە، ڕێکخستنی زانیستیش پەیڕە و پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیە، تا لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی هیچ کەموکوڕییەك ڕوونەدات. و شارلز هۆکێت پەیوەندی نێوان زمان و گوتن بە پەیوەندی دابونەریت و ڕەفتار بەراورد دەکات(هەمان سەرچاوە). هۆکێت لە شیکردنەوەی زمان و گوتندا، زمان بە دابونەریت و گوتنیش بە ڕەفتار دەچوێنێت و بەرانبەر یەکتریان دەکات. بەو واتایەی هەر زمانێك پەیوەستە بە کۆمەڵگەیەکی زمانی و ئەو کۆمەڵگە زمانییەش پابەندە بە کۆمەڵێك دابونەریت خۆی، لە هەمان کاتیشدا گوتن بە ڕەفتار دەنوێنرێت و دەبێتە ڕەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیە، چونکە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەم شێوەیە ((زمان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، ئەو توانایە بە تاك دەبەخشێ تا توانای زمانیی خۆی بخاتەگەڕ. لە لایەکی تر، وتە لایەنی پراکتیکی زمانە))( جاناتان کالر،٢٠١٦: ٤٣ ). واتە؛ تاك، زمان لە کۆمەڵگەی زمانی وەردەگرێت و خۆشی ئەو توانستە زمانییەی هەیە، کە زمانەکە بەکاربهێنیت و بە شێوەی کردەیی زمانەکە لە گوتندا بەرجەستە بکات، بەم پێیە زمان و گوتن دوو شێوەی جیان لە دوو فۆڕمی جیاوازدا. کەواتە؛ زمان سیستەمێکە لە یاسا و ڕێسا پێکهاتووە، ئەگەرچی ئاخێوەر لە ڕێگەی گوتنەوە خودی خۆی و زمانەکەی دەناسێنێت، بەڵام دواجار کۆمەڵگە خاوەندارێتی زمان لەئەستۆدەگرێت.

١_٢_زمان وکۆمەڵگە:

هەندێك لە شارەزایانی زمان پێیان وایە، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتنانی زمان دەبینێت. لەمبارەیەوە ڤندریس[٣] دەڵێت: (زمان لە باوەشی کۆمەڵگەدا پەیدابووە)(ج. ڤندریس، ٢٠١٤: ٣٥). واتە؛ کۆمەڵگە سەرچاوەی سەرەکییە لە دروستبوون و مانەوەی زمان.

هەندێك لە زمانەوانان لە پێناسەکانیاندا، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە (زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی زمان کار لە کۆمەڵگە دەکات و بە کۆمەڵگەش کاریگەر دەبێت و ئەو شتانەی بە سەر زمان دێت، بە هەمان شێوەش بە سەر دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دێت)( ابراهیم محمود خلیل، ٢٠١٠: ٥٩). یاخود ئیبن جنی دەڵێت: (زمان بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك، کە هەر نەتەوەیەك مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت)(أبي الفتح عثمان بن جني،٢٠٠٦: ١٥). یاخود لە پێناسەیەکی تردا (زمان لە ناو کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت و هەر نەتەوەیەکیش، زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە) (محمود فهمي حجازي،١٩٧٣: ٩).

کەواتە؛ زمان بریتییە لەو فۆڕمەی، کە هەڵگری بیری کۆمەڵگەیە لە تاکدا و بیریش هەڵگری کەرستەکانی زمانە، کە جۆر و ناوەرۆکی زمانەکەی لە کاتی بەکارهێناندا پێ دەناسرێتەوە.

بەم جۆرە زمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە،(یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی، کە زمانی مرۆڤ لە سیستەمی پەیوەندیدا لە هی تر جیادەکاتەوە، ئەویش بۆ هەبوونی دیاردەی کۆمەڵایەتییە، نەك

تاکێتی)(ابراهيم محمود خليل،٢٠١٠: ٣٧). هەربۆیە گوتن کردارێکی تاکە کەسییە و زمانیش کردارێکی کۆمەڵایەتییە، واتە؛ زمان دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی کۆمەڵگە، ئەم کۆمەڵگەیەش خاوەنی دابونەریت و شێوازی خۆیەتی، زمانەکەش لەم چوارچێوەیەدا کار دەکات. هەربۆیە (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات و توێژینەوە لە شێوازەکانی ئاخاوتن دەکات، کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی جیاوازدا بەکاردەهێنرێت)(شحدة فارع و ئەوانی تر، ٢٠٠٣: ٢٩٣). و (تیۆری پەیوەندیکردن هەوڵدانێکە بۆ بەستنەوەی پەیوەندیەکی بەردەوام، کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە لە چوارچێوەی گۆڕینەوە گفتوگۆ کۆدەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی)(دلیل محمد بوزیان،٢٠١٠: ٢٩٨-٢٩٩).

سەرەڕای ئەوەی زمان دیاردەیەکی ئاڵۆز و کۆمەڵایەتییە، هەر زمانێکیش لە ژمارەیەکی دیاریکراوی دەنگ و لە ژمارەکی بێ کۆتای وشە و فریز و ڕستەش پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر لە کاتی ئاخاوتندا لایەنەکانی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و دەوروبەر و شێوازی ئاخاوتن و پێگەی ئاخێوەر و گوێگر ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە سەرخستن و دروستبوونی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە.

١_٣_کۆمەڵگە Society:

سەبارەت بە ناساندنی کۆمەڵگە، ئەفلاتون پێی وایە((کۆمەڵگا ئەو تاقمە خەڵکەیە کە بۆ دابینکردنی پێویستیەکانیان یەکتر گیردەبن))(محەمەد شوانی،٢٠١٢: ٢٠). یاخود (کۆمەڵگە چونەناویەکێکی چنراوی کۆمەڵایەتییە لە مرۆڤ و لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا پێکدێت، کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات و لە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگە ڕێکی دەخات)( mawdoo3.com).

لە پێناسەیەکی تری کۆمەڵگەدا ئەندریە لالاند ئاماژە بەوە دەکات، کە (کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵە کەسێك، کە پەیوەندیەکی ڕێکخراو و بەرژەوەندی و خزمەتگوزاری ئاڵوگۆڕکراو لە نێوانیاندا هەیە)(أندريه لالاند،٢٠١١: ١٣٠٥). یاخود کۆمەڵگە (بریتییە لە کۆمەڵێك لە تاکەکەس و کۆمەڵەکان بەیەکەوە لە یەك ڕووبەرێکی جوگرافی بەیەکەوە دەژین، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئاینی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە)(باسم رشيد زوبع،٢٠١٨-٢٠١٩: ٦٠٧). بەم جۆرە سەبارەت بە پێکهاتە و دروستبوونی کۆمەڵگە، دەکرێت، بە شێوە و جۆرێکی تر پێناسە بکرێت.

_ کۆمەڵگە پێکهاتووە لە ژمارەیەك مرۆڤ، یاخود کۆمەڵی مرۆڤی، لە سەر بنەمای ژمارەیەك پێوەری هاوبەشی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا کۆبوونەتەوە و بەیەکەوە دەژین.

کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ژمارەیەك تاکەکەس پێکهاتووە. واتە؛ تاك بەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. هەر بۆیە کۆمەڵگە بۆ مانەوەی پشت بە تاك دەبەستێت و بەبێ تاکەکانی، کۆمەڵگاکان دادەڕوخێن و نامێنن، تاك بە کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت و کۆمەڵگەش بە تاك کاریگەر دەبێت(mawdoo3.com) . بەم پێیە تاك ڕۆڵی سەرەکی لە ناو کۆمەڵگە دەبینێت، کە دەتوانێت بە هۆی بیرۆکە و داهێنانەکانی، کۆمەڵگە بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن ببات و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵگە بە شێوە گشتییەکەی کاریگەری لە سەر تاك دەبێت و بەرەو گۆڕان و پێشکەوتنی دەبات. هەردووکیان پەیوەستن بەیەکترییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی تاك لە ڕووبەرێکی جوگرافیدا مانای نەبوونی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. لەم ڕووەوە کۆبونەوەی تاکەکان بەیەکەوە گرنگە بۆ بناتنانی کۆمەڵگە. بەم شێوەیە کۆمەڵگە بریتییە لە دانیشتوانێك، کە خاوەنی ناوێکی بە کۆمەڵن و لە یەکێك، یان زیاتری پێکهێنەرە کەلتورییەکاندا هاوبەشن، وەکو زمان و نەریت، کە پەیوەسن بە خاکێکی دیاریکراو(ئەنتۆنی دی سمیس،٢٠٠٤: ١٣١). واتە؛ ئەو کۆمەڵە کەسەی، کە لە شوێنێکدا نیشتەجێبوون یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان، کە کۆیان دەکاتەوە هەبوونی زمانێکی هاوبەشە، ئەگەرچی لە هەندێك بنەمای کەلتوریشەوە لە یەکتری جیاوازن.

١_٤_ کۆمەڵی زمانی Linguistic Community:

پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە پەیوەندییەکی مێژوویی و کەلتورییە، چونکە زمان و کۆمەڵ پێویستییان بە ڕووبەرێکی جوگرافی هەیە، تاکو بەیەکەوە پەیوەندی ببەستن و گەشە بکەن. ئەمەش وا دەکات، کە پەیوەندییەکی مێژوویی و کەلتوری هاوبەش بنیات بنێن. لەم ڕوانگەیەوە((زمانەوانەکانی قوتابخانەی پراگ وای تێگەیشتوون کە ناوەڕۆکی وشە بە ڕاستییەکانی دەرەوە بریتییە لە ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا. لەمەودواش دەبینین قوتابخانەی لەندەن ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی نموونەیی پیادە دەکات لە چوارچێوەی بیردۆزی باری دەوروبەر))(ساجيده عەبدوڵلا فەرهادی،٢٠٠٨: ٢٢). هەربۆیە (زمانەوانان، گرنگییان بە لیکۆڵینەوەی کۆمەڵەکانی زمانی داوە، کە ئەویش ماوەیەکی زۆر نییە و بەتایبەتی لە دەرچوونی کتێبەکەی لیونارد بلومفیلد Leonard Bloomfield بەشێکی تەواوی دەربارەی کۆمەڵەکانی گوتن لە کتێبی زمان Language لە ساڵی ١٩٣٣ز لە بەشی سێیەمدا تەرخانکردووە)(هدسون، ١٩٩٠: ٤٥).

سەبارەت بە زاراوەی کۆمەڵی زمانی زاراوەی تریشی بۆ بەکاردەهێنرێت. وەکو (زاراوەی کۆمەڵی گوتن[٤] Speech community، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زاراوە باوانەی کۆزمانەوانی بەکاری دەهێنێت، ئەو زاراوەیە بۆ نیشانە لە سەر کۆمەڵێك بەکاردەهێنرێت، لە سەر بنچینەی زمان دەناسرێت و زاراوەی کۆمەڵی زمانیشی بەهەمان واتا بۆ بەکاردەهێنرێت)(هەمان سەرچاوە). زمانەوانەکان لەسەر هەندێك بنەمای هاوبەش و پەیوەندیدا، پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ کۆمەڵی زمانی کردووە، لێرەدا هەندێککیان بە پێی پێویستی دەخەینەڕوو.

_ لەمبارەیەوە زمانەوانی ئەمریکی بلومفیلد دەڵێت:(کۆمەڵی گوتن بریتییە لە کۆمەڵێك خەڵك، کە بە هۆی گوتنەوە پەیوەندی بەیەکترییەوە دەکەن)( Bloomfield,1933: 42).

_ یاخود (کۆمەڵی زمانی بریتییە لەو کۆمەڵەیەی، کە تیایدا کۆمەڵێك دەستەواژەی وەك یەك، کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە مامەڵەی پێوە دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن تێگەیشتنی ئاڵوگۆڕکراوMutual intelligibility لە نێوانیاندا هەبێت)(محمود فهمي حجازي،١٩٧٣: ١٧).

_ لە پێناسەیەکی تری کۆمەڵی زمانی، جۆن جمپرێز John Gumperz دەڵێت: (کۆمەڵی زمانی بریتییە لە کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی و پێکدێت لە تاك زمانی، یان فرەزمانی، وەکو یەك کۆمەڵە یەکدەگرن)(هدسون،١٩٩٠ :٤٦).

_ فیشمان Fishman لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە پێناسەی کۆمەڵی زمانی کردووە و پێی وایە ((کۆمەڵی زمانی، کۆمەڵێکە، کە هەموو ئەندامەکانی بە شێوەی هاوبەش، بەلایەنی کەمەوە دەسەڵاتی بەسەر یەك

جۆری زمانێکدا هەبێت و چەند ڕێگەیەکیشی بۆ بەکارهێنانی گونجا و دروست هەبێت))(زوبێر عەلی عارف،٢٠١٢: ٢٠).

_ چارلس هۆکێت Charles Hockett لە سەر بنەمای زمانی هاوبەش پێناسەی کۆمەڵی زمانی دەکات و دەڵێت: (بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی، کە پەیوەندی بەیەکترییەوە دەکەن بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە ڕێگەی زمانی هاوبەش)( هدسون، ١٩٩٠ :٤٤-٤٥).

_ یاخود (کۆمەڵی زمانی، کۆمەڵەیەکە لە خەڵك بە یەك زمان، یان یەك دیالێکت قسەدەکەن)(محمد علي الخولي،١٩٩١: ١٥٧). لە ڕووەوە ناوەندی قورسایی بە تەواوی دەگوازێتەوە بۆ سەر زمانی هاوبەش سەبارەت بە پەیوەندیکردن لە نێو تاکەکانی کۆمەڵی زمانیدا، بۆ نموونە یەکەی کۆمەڵایەتیی ڕۆمانی لە سەرەتاکانی سەدەی ناوەڕاستدا، نەتەوە بنەچە جیاوازەکانی بەیەکترییەوە بەستبووەوە.

_ (ئەرکی زمان، هێمای زمانی[٥] بە ژینگەیەکی دیاریکراو دەبەستێتەوە، کە کۆمەڵێکی زمانی دەربدەبڕن) )(محمود فهمي حجازي،١٩٧٣: ١٦).

لەم ڕووەوە سەبارەت بە پێناسەی کۆمەڵی زمانی بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ دەکەین.

_ کۆمەڵی زمانی، ئەگەرچی خاوەنی چەندین زمانیش بێت، بەو کۆمەڵە کەسە دەگووترێت، کە لە کاتی پەیوەندیکردندا یەك زمانی هاوبەش لە نێو خۆیاندا بەکاربهێنن.

کەواتە؛ ئەگەر هەر کۆمەڵێکی زمانی لە گروپێك خەڵکی لە یەکتر جیاواز پێکهاتبوون، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێك تاکەکان لە نێوان خۆیاندا پەیوەندییان بە یەکترییەوە کرد، بەهۆی بەکارهێنانی زمانی هاوبەش، ئەوا کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن. هەربۆیە (لە نێوان یەکەی کۆمەڵایەتی و زمانیدا پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو بە دیار دەکەوێت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکەی زمانی دروست دەکەن و ڕەنگە لە سەر زمانی هاوبەش هەندێك سیفاتی تایبەت بسەپێنێت و لە لایەکی ترەوە زمانی هاوبەش تاڕادەیەك بەرپرس دەبێت لە یەکەی ڕەگەزی و بە شێوەیەکی گشتی یەکەی ڕەگەزی هەمیشە بۆ ڕاڤەکردنی زمانی هاوبەش بەشی دەکات)(فردینان دی سوسور،١٩٨٨: ٢٤٥). بەم پێیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکەی هاوبەشی زمانی دروست دەکەن، کە خۆی لە زمانی هاوبەش دەبینێتەوە. ئەندامانی کۆمەڵی زمانی بە هۆی بەکارهێنانی یەك زمان، یان یەك دیالێکت لە نێو خۆیاندا پەیوەندییەکی هاوبەش لە ژینگەیەکی سنوردارادا، لە نێوانیان دروست دەبێت، هەندێك جار واش هەیە ئەم ژینگە سنووردارە تێ دەپەڕێنێت، هەر بۆیە زۆرجار تاکەکانی خاوەن یەك زمان لە شوێنی جوگرافی جیاوازدا دەژین، بەڵام هەر سەر بە کۆمەڵی زمانی یەکەم دەبن، ڕەنگە جاری واش هەیە، ئەم تاکە دوو زمان، یان زیاتر بزانێت، لەو کاتەدا ئەو زمانە، وەکو زمانی هاوبەش بەکاردەهێنیت، کە هەڵگری زمانی ئەو کۆمەڵە زمانییە و یەکە زمانییەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە بریتییە لە یەکەی هاوبەش، کە لە کاتی پەیوەندیکردندا ئەم یەکانە بەکاردەهێنرێت، بەو هۆیەشەوە تێگەیشتن و پەیوەندی لە نێو تاکەکاندا دروست دەبێت.

١_٥_شێوەکانی زمان:

کۆزمانەوانی، شێوەکانی زمان لەسەر بنیاتی کۆمەڵگە دادەڕێژێت. هەربۆیە (زمان لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، لە دابەشکردنێکی نوێدا بە پێی پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی ڕووکاری خەڵکی و میرییەوە، خۆی لە چەند شێوەیەك دەبینێتەوە)(محمد معروف فتاح،١٩٨٦: ١٢٥). ئەم تێڕوانینە، وا دەکات، کە زمان بە گوێرەی ئەو شێوەیەی، کە لە ناو کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێت، شێوەی جیاواز وەربگرێت و ناوی جیاوازیشی لێ بنرێت، بەم شێوەیە.

١_٥_١_فرەزمانی Multilingualism:

فرەزمانی[٦](هەندێك جار پێی دەگوترێت پلۆرلینگوالیزمPlurilingualism و پۆلیگلۆتیزم Polyglottism)(Crystal,1992 :259). لەم ڕوانگەوە دیاردەی فرەزمانی یەکێکە لە دیاردە زمانییە باوەکان بەشێوەیەکی فرەوان لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، کە هەندێك لە وڵاتان، تاکەکانی بە چەندین زمان قسە دەکەن و زۆربەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییانە خاوەنی فرەزمانیین(هدسون، ١٩٩٠: ٢٤). هەربۆیە (ئەگەر کۆمەڵگەیەك زیاتر لە دوو زمانی بەکارهێنا، ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەی فرەزمانی پێ دەگووترێت)(محمد علی الخولی، ٢٠٠٠، ١٧٤). بەم پێیە لە پێناسەی فرەزمانیدا ئاماژە بەوەکراوە، کە (فرەزمانی بارودۆخێکە، کە کۆمەڵگەی زمانی، یان تاکە کەس چەند زمانێك بەکاردەهێنێت) (Crystal,1992 :259).کەواتە؛ لەم پێناسەیەدا فرەزمانی دوو دۆخ لە خۆدەگرێت، دۆخێکیان فرەزمانیی تاکە کەسیە، واتە؛ تاکە لە دوو زمان زیاتر دەزانێت و دەتوانێت، ئاخاوتنیان پێ بکات. دۆخەکەی تریان فرەزمانیی کۆمەڵگەییە، واتە؛ بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە دوو زمانی لە ناو کۆمەڵگە بەکاردەهێنرێت.

نموونەیەك بۆ فرەزمانیی تاکەکەسی (ئیمپراتۆری ڕۆمانی چارلزی پێنجەم١٥٠٠-١٥٥٨ز دەیگوت: من بە زمانی ئیسپانی قسە لەگەڵ خودا دەکەم و بە زمانی ئیتالی قسە لەگەڵ ئافرەت دەکەم و بە زمانی فەڕەنسی قسە لەگەڵ پیاواندا دەکەم و بە زمانی ئەڵمانی قسە لەگەڵ ئەسپەکەم دەکەم)(جین اتشس، ٢٠١٦: ٢٥٨).

هەندێك نموونە بۆ فرەزمانیی کۆمەڵگەیی (لە دەستوری سویسریدا هاتووە، کە ئەو وڵاتە چوار زمانی نیشتمانی هەیە، ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتاڵی و ڕۆمانی ، هاوکات سێ زمانی فەرمیشی هەیە، ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتاڵی... لە بەلجیکا هەریەکە لە زمانەکانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و فلمنکی ڕووبەرێکی دیارکراوی جوگرافییان هەیە)(لویس جان کالفی،٢٠١٢: ٦٠). یاخود (شاری سوریسSouris، کە دەکەوێتە سەر بەرزترین زنجیرە چیای ئەلبی کارنیینCarnian لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئیتالیا دانیشتوانی ئەم شارە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سێ زمانی جیاواز بەکاردەهێنن، یەکەمیان دیالێکتێکی ئەڵمانییە، لە ناو ماڵەوە بەکاری دەهێنن، زۆر بە دەگمەن لە دەرەوە گوێت لێ دەبێت. دووەمیان زمانی ئیتالییە، زمانی دروشمی ئاینی و قوتابخانەیانە. سێیەمیان زمانی فریولییەFriulian یەکێکە لە دیالیکتەکانی زمانی ڕۆمانیRomance، ئەو زمانەیە، کە پیاوان لە مەیخانەکانی ناوخۆیی بەکاری دەهێنن)(جین اتشس، ٢٠١٦: ٢٥٨). لە ئاکامی هەبوونی ئەم فرەزمانییە (دیاردەی بەریەککەوتن و ملمڵانێی زمانی لە کۆمەڵگەی فرەزمانیدا بوونی هەیە)(سەلام ناوخۆش، ٢٠١٢: ١٧).

١_٦_کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان:

هەر کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگە پێویستی بە چەند بنەمایەکی هاوبەش هەیە. کەواتە؛ (زۆر شت هەن، یارمەتی دروستبوونی کۆمەڵگە دەدەن، لەوانە زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش و چەندین توخمی تر)(مراد حکیم،٢٠٢٠: ٢٧-٢٨). واتە؛ سەرەڕای هەبوونی

زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، لە لایەکی ترەوە ((یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بوونی بونیادێکی سیاسیە، یان ڕاستر وایە بڵێین قەوارەیەکی سیاسییە))(هەمان سەرچاوە: ٢٧). بەم پێیە ((هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١دا بووە خاوەن سنورێکی سیاسی. ئەوە خاڵی سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەیەك بوو))(هەمان سەرچاوە: ٢٨) خاڵێکی تری ((دروستبوونی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەت بوو))(هەمان سەرچاوە: ٢٧-٢٨). بەم شێوەیە بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی سنوریکی جوگرافی و چوارچێوەیەکی سیاسیە، کە خۆی لە پەرلەمان، حکومەت و دەستەڵاتی دادوەری دەبینێتەوە و چەندین بنەمای تری بە کۆمەڵگە بوونی تیادایە، هەربۆیە بەم هەرێمە دەگوترێت کۆمەڵگە. بۆ نموونە کاتێك دەڵێیت، کۆمەڵگەی عێراقی، سەرجەم نەتەوەکانی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و سریانی و ئەرمەنی و ڕەگەزە جیاوازانە دەگرێتەوە، کە لە عێراق بەیەکەوە دەژین و سیستەمێکی سیاسی بەیەکەوە کۆیانی کردوونەتەوە، بە تەنها بە عەرەبی عێراقی ناگوترێت کۆمەڵگەی عێراقی، وەکو ئاشکراشە، ئەم کۆمەڵگەی عێراقی دوای ساڵی ١٩٢٠ز دروستبووە. بەم شێوەیە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیش، تەنها نەتەوەی کورد ناگرێتەوە.

واتە؛ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان تەنها بریتی نییە لە نەتەوەی کورد، بەڵکو (لەگەڵ کورد چەند نەتەوەیەکی دیکەش دەژین، کە سەدان ساڵە لە سەر ئەم خاکەن، هەرێمی کوردستان گوزارشت لەوانیش دەکات)(هەمان سەرچاوە: ٢٦-٢٧). بەم شێوەیە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بریتییە لەو کۆمەڵگەییەی، کە سەرجەم نەتەوەکانی کورد، تورکمان، ئاشوری، کلدان، ئەرمەن، عەرەب و نەتەوەی تری تیادا دەژیت، هەر نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانە خاوەنی زمانی خۆیانن، بە هەموویان کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیان دروستکردووە.

٢_فرەزمانی و فرەنەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا:

لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق لە ماددەی (٥)دا هاتووە، ((گەلی هەرێمی کوردستان پێك هاتووە لە کورد، تورکمان، کلدان، سریان ئاشوری، ئەرمەنی و هاووڵاتیانی دیکەی هەرێمی کوردستان))(پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق،٢٠٠٩: ٦). کەواتە؛ ((هەرێمی کوردستان لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی و زمانی و ئەتنی و فرەحزبی سیاسی پێکدێت))(ئادەم بێدار،٢٠٢١: ١٨). هەربۆیە بە هۆی هەبوونی ژمارەیەك نەتەوە و ئاینی جیاواز لە هەرێمی کوردستان، کە بە یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی پێکەوەژیان لەم هەرێمەدا دادەنرێت، کە نەتەوەکانی کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب پێکەوە دەژین و هەر هەموویان هەرێمی کوردستان بە نیشتمانی خۆیان دادەنێن. بەم شێوەیە ئەم هەرێمە بۆتە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی، کە زمانەکانی کوردی، تورکمانی، سوریت، ئەرمەنی، عەرەبی و ...هتد تیادایە.

٢_١_زمانی کوردی:

زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا، لە دامودەزگانی حکومی و ناوەندەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو و خوێنراو بەکاردەهێنرێت و زۆربەی دانیشتووانەکەی لە نەتەوەی کوردە، ڕێژەی دانیشتووانی لە نەتەوەکانی تر زیاترە، بۆتە زمانێکی سەرەکییە. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی بنەچە و مێژووێکی کۆنی هەیە. بەم شێوەیە (زمانی کوردی یەکێکە لە خێزانە زمانی زاگرۆسی، ئەم خێزانە زمانەش یەکێکە لە گرنگترین لقەکانی زمانە ئارییەکان لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا قسەی پێدەکەن)(رەفیق شوانی،٢٠٠٨: ٢٦). و (زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە زمانی کوردی و زمانی فارسی هاوڕەگەزن، وەکو زمانەکانی هێندۆ ئەوروپییەکانیش ئارییاین)(زبیر بلال اسماعیل،١٩٨٤: ٨٩). و (زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی جیهان)(مەهاباد کامیل عەبدوڵلا،٢٠٢١: ٢٨).

مەبەست لە زیندویی زمانی کوردی ئەوەیە، کە زمانی کوردی لە ڕووی نەتەوییەوە، نەتەوەی کورد بە هۆی زمانی کوردییەوە لە نەتەوەکانی تر جیادەکرێتەوە و خاوەنی زمانی سەربەخۆی خۆیەتی، لە ڕووی کەسیەوە تەنها بە ئاخێوەرێکی زمانی کوردی و دووان ناگوترێت زمانی کوردی، چونکە ئاخێوەرانی ئەم زمانە لە یەك و دووان زیاترن، بەڵکو بە سەرجەم ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەگوترێت زمانی کوردی، بە شێوەی دابەشبوونی تەواوکەرانە، واتە؛ هەر ئاخێوەرێك بەشداری لە دانانی پنتێکی زمانی کوردی دەکات و هەموویان بەیەکەوە زمانی کوردی پێکدەهێنن. لە ڕووی دیالێکتیشەوە بە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەیەکەوە دەگووترێت زمانی کوردی، چونکە ((ئەگەر رووبەری زارەکان لابەرین هیچ پانتاییەك بۆ زمان نامێنێتەوە))(قەیس کاکل تۆفیق،٢٠٠٧: ٦٧). بەم شێوەیە هەر ئاخێوەرێکی کورد هەڵگری بەشێك لە کەرستەکانی زمانی کوردییە، لە هەمان کاتیشدا هەموو تاکێکی کورد توانای خاوەندارێتی زمانی کوردی هەیە، بەم پێیە سەرجەم دیالێکتە کوردییەکان بە ئاخێوەرانیشیەوە پێکەوە زمانی کوردی پێکدەهێنن.

٢_١_١_دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

فاکتەری سیاسی یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە کاریگەری لە سەر دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە، هەربۆیە (زۆر جار جیاوازی لە نێوان زمان و دیالێکت لە سەر پێگەی سیاسی، یان ڕۆشنبیری دەکرێت، بۆ نموونە ماندارینی و کانتونی دوو دیالێکتن لە دیالێکتەکانی زمانی چینی، ئەم دوو دیالێکتە زۆر لە یەکتر جیاوازن، کە جیاوازییەکەیان لە زمانی دانیمارکی و زمانی نەرویجی زیاترە)(down.ketabpedia.com). ئەم کاریگەریەش لە سەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە ئاخێوەرێکی دیالێکتی لوڕی لەگەڵ ئاخێوەرێکی دیالێکتی ژووروو، یان ئاخێوەرێکی دیالێکتی هەورامی لەگەڵ ئاخێوەرێکی دیالێکتی ژووروودا بە ئاسانی نەتوانن لە یەکتر بگەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((شێوە زمانەکانی ئێستای کوردی لە ناوچەکانی کوردستان دا، هەموو بۆ تەنیا زمانێکی ڕەسەن دەگەڕێنەوە، کە ئەویش یەکەم زمانی کوردی یە))(زبیر بلال اسماعیل،١٩٨٤: ٩٩). واتە؛ دیالێکتەکانی زمانی کوردی، چونکە لە یەك سەرچاوەوە پەیدابوونە، ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی خۆیان پاراستووە.

بە شێوەیەکی گشتی (زمانی کوردی، وەکو زۆربەی زمانانی جیهان خاوەن ژمارەیەك دیالێکتە، پەیدابوونی ئەم دیالێکتانەش بۆ چەند هۆیەکی تایبەتی دەگەڕێتەوە، کە بوونە کەرەستەی سەرهەڵدان و پەیدابونی زاری جیاجیا)(کامیل حەسەن بەسیر و ئەوانی تر،١٩٨٧: ٤). بەم جۆر زمانی کوردی لە چوار دیالێکتی سەرەکی پێکهاتووە و ((هەر دیالێکتیکیش لەو دیالێکتانە سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە دیالیکتەکانی تری زمانەکە))(تاڵیب حوسێن عەلی،٢٠١٤: ٢٩٧). لەگەڵ

ئەوەشدا زمان بە شێوەیەکی سروشتی، بێ ویستی مرۆڤ بە پێی کات و شوێن و پێکهاتەی چینی کۆمەڵگەکانی مرۆڤ لە ژمارەیەکی جۆراوجۆر دیالێکت، یاخود فرەدیالێکت پێکدێت، کە هەر یەکێك لەو دیالێکتانە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

٢_٢_زمانی تورکمانی:

زمانی تورکمانی، وەك هەریەك لە زمانەکانی تر ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە. ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ئۆغوز باپیرانی تورکەکانن لە تورکیا و ئێران و ئەزربیجان و عێراق و تورکمانستان و ناوانی تورکمان بۆ سەدەی یانزدەهەم دەگەڕێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناو ئۆغزتورکمانەکان لە سەدەی دەیەمدا بە هۆی بازرگانە موسڵمانەکان، بەو هۆیەوە ناوی تورکمان جێگەی ئۆغزی گرتەوە و تا ئێستاش ئەم ناوە باوە)(نصرت مردان،٢٠١٠: ٩٨). بەم شێوەیە ((زمانی تورکمانی لقێکی تورکی خێزانە زمانی ئالتاکییە))(سلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٣٧). و (ئەم خێزانە زمانە شوێنەکەی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا تا ئاسیای بچوك درێژدەبێتەوە)(ڕەفیق شوانی،٢٠٠٨: ٥١). لەبارەی پێکهاتەی وشەی تورکمان، بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە، کە (زاراوەی تورکمان وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی تورك و وشەی مانند، کە وشەیەکی فارسییە، پێکهاتووە بە واتای وەك تورك دێت. لە لایەکی ترەوە بە واتای پیاوی تورکی دێت، کە لە وشەی تورك و وشەی مان پێکهاتووە)(کرخي نجم الدين آلتي برماغ،٢٠١٢: ٩٣). بەم جۆرە (تورکمانەکان بە زمانێکی تایبەت قسە دەکەن، کە ناسراوە بە زمانی تورکمانی و دیالێکتێکی زمانی تورکییە بە دیاریکراوی دیالێکتی ئۆغزییە)(هەمان سەرچاوە). کەواتە؛ ئەگەرچی زمانی تورکمانی لە دیالێکتێکی تورکی سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، بەڵام ئەمڕۆ، وەکو زمانێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە نێو ئاخێوەرانی گەلی تورکمانی بەکاردەهێنرێت.

هەڵبەتە، کۆچکردنی تورکمانەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەردەمێك لە سەردەمەکان دەگەڕێتەوە، کە (تورکمانەکان لە ساڵی ٥٤ کۆچیدا، لە سەردەمی سەرکردەی ئەمەوییەکان عەبدوڵلای کوڕی زیاد بە شێوەی شەپۆڵی جیاجیا دەستیان بە کۆچکردن کرد بۆ عێراق)(نصرت مردان،٢٠١٠: ٩٩). بەم شێوەیە تورکمانەکان[٧] لە هەرێمی کوردستاندا لە شاری هەولێر لە گەڕەکانی خانەقا، تەعجیل، عەرەب، تەیراوە، ڕاپەڕین(٧ نیسان) و بە شێوەی جیاجیا لە گەڕەکانی تری ئەم شارە و قەزای کفری لە پارێزگای سلیمانی نیشتەجێنە. بەم پێیە (تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە دووەمین نەتەوە دادەنرێن)(ئادەم بێدار،٢٠٢١: ٢٢). واتە؛ لە دوای نەتەوەی کورد دێن.

سەبارەت بە ژمارەی نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان گەیلان نجم الدين نورالدين آلتي برماغ، شارەزا لە بواری ئامار دەڵێت: (هەرچەندە تاکو ئێستا ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەیەك لە بواری ئامار لە بەرەی تورکمانی کارم کردووە، بە پێی ئەو زانیارییەی لەمبارەیەوە هەمە، دەتوانم بیخمڵێنم، کە نزیکەی ١٥٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ خێزانی تورکمانی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێنە و هەر خێزانێکیش لە نێوان چوار تا پێنج کەس دەبێت، بەم شێوەیە دەگەینە ئامارێك، کە ژمارەی تورکمانەکان چەندە)(گەیلان نجم الدين نورالدين آلتي برماغ، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە تورکمانەکان لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە تێکەڵاوبیان لەگەڵ کورد و نەتەوەکانی تری هەرێمی کوردستان پەیداکردووە، هەندێککیان خۆیان بە تورکمان دانانێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوانەی خۆیان بە تورکمان دادەنێن، کەلتور و زمانەکەی خۆیان پاراستووە و شانازیش بە خۆیانەوە دەکەن، کە تورکمانن، تەنانەت هەر خێزانێکی تورکمانی لە ماڵەکەیدا، ئەندامانی ئەو خێزانە تەنها بە زمانی تورکمانی لەگەڵ یەك قسەدەکەن و شانازیشی پێوەدەکەن.

لە دوای ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩١ز حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری بە زمان و گەلی تورکمانی داوە و دەرفەتی گونجاوی بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە ڕەخساندووە. هەربۆیە ئەوەی دەبینرێت، (لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا زمانی تورکمانی بۆتە زمانی خوێندن لە قوتابخانەکانی تورکمانی)(سلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٣٧). و بە ئەلف و بێی لاتینی دەنووسن. کەواتە؛ زمانی تورکمانی ئەو زمانەیە، کە ئاخێوەرانی نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا لە نێو خۆیاندا قسەی پێ دەکەن.

٢_٣_زمانی سوریت[٨]:

زمانی سوریت یەکێکە لەو زمانانەی، کە لە نێو گەلی ئاشوری[٩] و کلدان[١٠] لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت. هەربۆیە پێویستە سەرەتا، ئاماژە بە مێژووی ئەم زمانە بکرێت، کەواتە؛ (زمانی سریانی کۆن لە زمانی ئارامی پەیدابووە و لقێکە لە خێزانە زمانی سامی)(یونان هوزایا،٢٠١٣: ١٣). و (لە کۆندا بە زمانی ئارامی ناسرابوو)(سەلام ناوخۆش،٢٠٠٧: ٣٢). ئەم زمانە، واتە؛ (زمانی سریانی بنچینەکەی بۆ ئاشوری کۆن و بابلی و ئەکەدی دەگەڕێتەوە)(ئادەم بیدار،٢٠٢١: ٤٥-٤٦). و سەرەتای پەیدابوونی ئەم زمانە ئەوەیە، کە (دیالێکتی ڕها، لە شوێنی ئورفەی ئێستا لە زمانی ئارامیدا گەشەی کرد و بەدیار کەوت، پێیگووترا زمانی سریانی، بووە زمانی شانشینی ڕها (١٣٢پ.ز -٢١٦ز) لە باکوری میسۆپۆتامیا، ئەم شانشینە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زاینیدا ئاینی مەسیحی تیادا بڵاوبووەوە و بووە یەکەم شانشینی مەسیحی)(الاب شليمون ايشو خوشابا،٢٠٠٥: ٩). و پاشان ئەم زمانە زۆر بەخێرایی گەشەی کرد و ئاینی مەسیحی کردی بە زمانی ئاین و ئەدەب(یونان هوزایا،٢٠١٣: ١٤). دواتر زمانی سریانی بۆ دوو لقی دابەش بوو، ئەوانیش زمانی سریانی ڕۆژهەڵات و زمانی سریانی ڕۆژئاوا بوو، بە زمانی سریانی ڕۆژهەڵات دەگووترێت زمانی سوریت(الاب شليمون ايشو خوشابا،٢٠٠٥: ٩). و (زمانی سوریت، واتە؛ زمانی سریانی نوێ، بووە زمانی قسەکردن لە لای پەیڕەوکەرانی ئاینی مەسیحی)(الاب البير أبونا،٢٠٠١: ١٧). و (زمانی سوریت نەوەی ئەو زمانەیە، کە ئاشورییەکان لە سەردەمی وڵاتی میسیۆپۆتامیا قسەیان پێ دەکرد)(روبين بيت شموئيل،٢٠١٦: ٢١٧).

لە ئێستادا بەشێك لە گەلی ئاشوری و کلدانی لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، وەکو عەنکاوە، هەرمۆتە، شەقڵاوە، دیانا، زاخۆ، دهۆك و سلێمانی نیشتەجێنە و ئەم هەرێمە بە نیشتمانی خۆیان دەزانن. بەم شێوەیە (لە هەرێمی کوردستاندا کلدانییەکان و ئاشورییەکان لە شاری زاخۆ، کە ناوەندێکی ئەسقەفی کلدانی و سێ سەرپەرشتیاری تیادایە، پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر، کە ئەسقەفیەکی کلدانی و چوار سەرپەرشتیاری بۆ ٢٥٠ خێزان تیادایە و ژمارەیەك کلدانی و ئاشوری لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێنە، لە هەندێك گوند لەگەڵ گەلی کورد بەیەکەوەدەژین و بە زمانی

سوریت قسەدەکەن)(هرمان تول،٢٠١٠: ١٥٧). هەر وەکو (زمانی زگماکی ئاخاوتنی مەسیحییەکانی کۆیە زمانی سوریتە)(هاوژین صلیوە و شادان شکر،٢٠١٨: ٥٠). و سەبارەت بە ژمارەی کلدانییەکان و ئاشورییەکان هرمان تول لە کتێبی (الکلدو- اشوریون مسیحیو العراق و ایران و ترکیا)دا، نووسیویەتی (لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی کلدانییەکان ٤٠٠٠٠ کەسە و ژمارەی ئاشورییەکان ٩٠٠٠ کەسە)(هرمان تول،٢٠١٠: ١٦٨).

لە دوای ساڵی ١٩٩١ز زمانی سوریت لە ناوچە مەسیحی نشینەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەندەکانی خوێندن بۆتە زمانی خوێندن و نوسین(یونان هوزایا،٢٠١٣: ١٦). هەربۆیە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەرفەتی ناساندنی زمانەکەیان زیاتر بۆ ڕەخساوە و هەم نەتەوەی ئاشوری، هەم نەتەوەی کلدانی زمانی سوریت، وەکو زمانی ئایین و پەروەردە و میدیا و ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن.

٢_٤_زمانی ئەرمەنی:

زمانی ئەرمەنی یەکێکە لەو زمانانەی، کە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نەتەوەی ئەرمەن لەم هەرێمەدا هەیە و ئەو نەتەوەیە، واتە؛ (نەتەوەی ئەرمەنی بە زمانی ئەرمەنی قسە دەکەن)(مجموعة من کبار الباحثین، ٢٠٠٥: ١٦). و (زمانی ئەرمەنی یەکێکە لە خێزانە زمانی هندۆئەوروپی و لەم خێزانە زمانەشدا، زمانەکانی هیندی، فارسی، یۆنانی، ئەلبانی، ئەلمانی، سلاڤی، ڕۆمانی...هتد تیادایە)(هەمان سەرچاوە: ١٧). واتە؛ ئەو زمانە یەکێکە لە زمانە زیندووەکان و ئاخێوەری خۆی هەیە.

نەتەوەی ئەرمەن ئەگەر چی نیشتمان و شوێنی نیشتەجێبوونیان وڵاتی ئەرمەنستانە، بەڵام بە هۆکاری جیاجیا، یان کۆچیان کردووە، یان ئاوارەبوونە بۆ ناوچەکانی تر، یەکێك لەم هۆکارانە (گەلی ئەرمەنی هەر لە ساڵی ١٧٠٧ز، تاکو نێوان ساڵانی ١٩٢١ز_ ١٩٣١ز لە قوستەنتینییە تووشی ستەم و زوڵمێکی زۆری لەناوچوون بوونەتەوە، بەو هۆیەوە ئاوارەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بوونە)( هەمان سەرچاوە: ١٧٦). بەم شێوەیە ئەرمەنەکان لە مێژودا ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی زۆر بوونەتەوە، ئەمەش بۆتە فاکتەرێك، کە ئەم نەتەوەیە ئاوارەی وڵاتان بین و هەرێمی کوردستانیش یەکێك بێت، لەو شوێنانەی، کە ئەرمەنەکان کۆچی بۆ بکەن و تیایدا نیشتەجێ بن.

سەبارەت بە شوێن و ڕێژەی دانیشتوانیان، (ئەرمەنەکان لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ١% ڕێژەی دانیشتووان پێکدەهێنن)(عەبدوڵلا غەفور،٢٠٠٦: ٥٠). و لە سەر ئاینی مەسیحی ئارسۆدۆکسن و نزیکەی ٤٠٠٠ کەس دەبن، کە ٢٠٠ خێزان لە زاخۆ، ٩٠ خێزان لە دهۆك، ٧٥ خێزان لە گوندی ئاڤزروك، ١١٥ خێزان لە گوندی هەڤرێسك نیشتەجێنە و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە، ١٢٠ خێزان لە هەولێر نیشتەجێنە(ئەبونا ئارتۆن خالاتیان،٢٠٢١: چاوپێکەوتن). هەبوونی ئەم ڕێژەیەی ئەرمەنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، وای کردووە، کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ز و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی بە ئەرمەنەکان بدرێت، کە بە زمانی دایك، واتە؛ بە زمانی ئەرمەنی بخوێنن و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیان پێ ئەنجام بدەن.

٢_٥_زمانی عەرەبی:

ئەگەر چی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە وڵاتی عێراق، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەم هەرێمە خاوەنی حکومەت و بەڕێوەبردنی خۆیەتی، زمانی عەرەبیش یەکێك لەو زمانانەی، کە لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی عەرەب لە هەرێمی کوردستاندا بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە. واتە؛ ((هەبوونی عەرەب لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتگیری ئیسلامی، کە لە مێژوودا بە فتوحاتی ئیسلامی ناسراوە))(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٣٨). بەم پێیە عەرەبەکان لە سەدەی حەوتی زاینیەوە لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەو کاتەوە (عەرەبەکان بوونەتە یەکێك لەو کەمە نەتەوەییانە، کە لە سەر خاکی هەرێمی کوردستاندا دەژین)(بێدار ئادەم،٢٠٢١: ٢٥). بەم شێوەیە عەرەبەکان بەردەوام لە سەردەمی جیاجیادا و بە هۆکاری جیاواز هاتونەتە هەرێمی کوردستان و بە هۆی ئەوەش خاوەنی دەستەڵاتی سیاسی بوون لە عێراق بەردەوام هەوڵیان داوە ناوچە کوردستانییەکان تەعریب بکەن.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ز بە هۆی ناسەقامگیری ڕەوشی سیاسی عەرەبەکانی موسڵ و ناوەڕاست و باشوری عێراق کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە نیشتەجێنە و بەشێکیان بەهۆی ئەو ماوەیەی، کە لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە فێری زمانی کوردی بوونە، لە هەمان کاتیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی خوێندنی عەرەبییانی بۆ کردوونەتەوە و بە زمانی عەرەبی دەخوێنن.

٢_٦_لایەنی کارەکیی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستاندا:

٢_٦_١_کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

سەبارەت بە لایەنی کۆمەڵگەی تویژینەوەکە و لایەنی کارەکی، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، نموونەی توێژینەوەکە و فۆڕمی ڕاپرسی، کە بە پێوەری لیگەرت ئامادەکراوە، یەکێکە لە گرنگترین ڕێگە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ بە دەستهێنانی دەرئەنجامی توێژینەوەکە. کە تیایدا (٤٥٠) فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەسەر ئاخێوەرانی کورد، تورکمان، سوریت، ئەرمەنی، عەرەبی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان دابەشکراوە و لەم (٤٥٠) فۆڕمی ڕاپرسییە، (٤١٧) فۆڕمیان گەڕاوەتەوە، کە زانیاری و داتاکانیان شیکراونەتەوە و (٢٠) فۆڕمیان لەبەر نەبونی بنەمای زانستی و وەڵام دانەوەی نادروست پوچەڵکراونەتەوە و هەژمارنەکراون، (١٣) فۆڕمیان هەر لە لایەن بەرتوێژان بە هۆکاری جیاجیا نەگەڕایەوە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

٢_٦_٢ پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگە:

لێرەدا بە شێوەیەکی کارەکی لە ڕێگەی خستنەڕووی (٢) دوو پرسیار، کە ئاڕاستەی بەرتوێژانی کراوە، بۆ ئەوەی بزانرێت، ئایا ئاخێوەرانی هەرێمی کوردستان،لە کۆمەڵگەکەیان، بە زمانی خۆیانەوە چەند زمان دەزانن.

١_ لەم زمانانەدا،واتە؛ زمانی کوردی، تورکمانی، سوریت، ئەرمەنی، عەرەبی و زمانی تر کامە و کامەیان دەزانیت؟

خشتەی ژمارە(١) زانینی زمان نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| زمان | دوبارەبونەوە | % ڕێژەی |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | 405 | %43.8 |
| زمانی تورکمانی | 53 | %5.7 |
| زمانی سوریت | 57 | %6.2 |
| زمانی ئەرمەنی | 29 | %3.1 |
| زمانی عەرەبی | 259 | %28.0 |
| زمانی تر | 122 | %13.2 |
| کۆی گشتی | 925 | %100.0 |




چارتی ژمارە(١) زانینی زمان نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

زۆرینەی بەرتوێژان لە خشتە و چارتی (١)دا، پێیانوایە، کە بە ڕێژەی(43.8%) دێن، زمانی کوردی دەزانن و بە پلەی یەکەم دێت، پاشان ڕێژەی (28.0%) بە پلەی دووەم دێت و ئاماژەیە بۆ زمانی عەرەبی، ریزبەندی سێیەم، کە بە ڕێژەی(13.2%) دێت، ئاماژەیە بۆ زمانی تر و پلەی سێیەمی گرتووە، زمانەکانی سوریت بە ڕێژەی(6.2%)، تورکمانی بە ڕێژەی(5.7%) و ئەرمەنی بە ڕێژەی(3.1%) بە شێوەیەکی ڕیزبەندی یەك بەدوای یەکتری دێن.

ئەو ئەنجامانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە خەڵك بە ڕێژەی جیاواز زمانەکان دەزانن و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرەزمانییە و خەڵکەکەی زمانی جیاواز دەزانن. سەبارەت بە هەبونی (زمانی تر) لە پلەی سێیەمدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ز ئاوارەیەکی زۆری کورد لە ئێران گەڕانەوە هەرێمی کوردستان و زمانی فارسی دەزانن، هەروەها لەم ماوەیەدا هاووڵاتییەکی زۆریش کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی هەرێم و ڕێژەیەکیان گەڕانەوە هەرێم و زمانی تر فێربوون، سەرەڕای ئەوە هەوڵێکی زۆر لە لایەن هاووڵاتییانی هەرێم هەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەمەش وای کردووە، کە (زمانی تر) لە خشتەی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە پلەی سێیەم بێت و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی بناسێندرێت.

٢_ زمانی یەکەم(دایك)ت چییە، واتە؛ زمانی کوردییە، تورکمانییە، سوریتە، ئەرمەنییە، عەرەبییە، یان زمانی ترە؟

خشتەی ژمارە(٢) باس لە زمانی دایك دەکات.

| زمان | دوبارەبونەوە | ڕێژەی% |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | 277 | %66.59 |
| زمانی تورکمانی | 42 | %10.10 |
| زمانی سوریت | 50 | %12.02 |
| زمانی ئەرمەنی | 28 | %6.48 |
| زمانی عەرەبی | 18 | %4.33 |
| زمانی تر | 2 | %0.48 |
| کۆی گشتی | 417 | %100 |




چارتی ژمارە(٢) باس لە زمانی دایك دەكات.

ئەوەی لە خشتە و چارتی (٢)دا، بە دیاردەکەوێت، کە زمانی کوردی، وەکو زمانی دایك بە ڕێژەی(66.59%) بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە نەتەوەی کوردن. هەروەها لەم خشتەیەدا زمانی سوریت بە ڕێژەی (12.02%) دەستنیشانکراو، بە پلەی دووەم دێت، ئەمەش ئاماژەیە بە هەبوونی ئەم نەتەوەیە لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی بە ڕێژەی (10.10%) لە پلەی سێیەم دایە، زمانی ئەرمەنی بە ڕێژەی (6.48%) دێت، پلەی چوارەمی لە ڕیزبەندیەکەدا گرتووە، هەروەها ڕێژەی(4.33%) دەستنیشانکراوە بۆ زمانی عەرەبی و بە پلەی پێنجەم دێت و ڕێژەی(0.48%) بە پلەی شەشەم دێت، ئاماژەیە بۆ زمانی تر، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە نەتەوەی جیاواز و زمانی جیاواز لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە.

ئەم ئەنجامانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە خەڵك لە هەرێمی کوردستاندا، بە ڕێژەی جیاواز زمانی دایکیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە نەتەوەی جیا جیای، وەکو کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب و نەتەوەی تر لەم هەرێمەدا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەموویان ئەم هەرێمە بە نیشتمانی خۆیان دەزانن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرەزمان و فرەنەتەوەیە.

## ئەنجام

١_ دیاردەی فرەزمانی یەکێکە لە دیاردە زمانییە باوەکان بەشێوەیەکی فروان لە هەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوە، کە هەندێك لە وڵاتان، زۆربەی تاکەکانی زیاتر لە زمانێك دەزانن.

٢_ ئەگەر ئاخێوەرانی کۆمەڵگەیەك زیاتر لە دوو زمانیان بەکارهێنا، ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەی فرەزمانی پێ دەگووترێت.

٣_ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان نەتەوەکانی کورد، تورکمان، کلدان، ئاشور، ئەرمەنی و عەرەبی تیادا دەژیت، هەربۆیە بە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە ناودەبرێت.

٤_ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان زمانەکانی کوردی، تورکمانی، سوریت، ئەرمەنی و عەرەبی و زمانی تری لەخۆدەگرێت، هەربۆیە بە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی هەژماردەکرێت.

پێشنیاز

١_ بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی و فرەنەتەوەیە،پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە یەکێك لە زمانەکانی ببێتە زمانی هاوبەشLingua franca.

## سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:

١_ ئادەم بێدار(د.)، (٢٠٢١)، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستاندا، رابردوو، ئێستا و داهاتوو، چاپی یەکەم، چاپ ئینستیتوتی تۆلێرانسی بێ سنوور، هەولێر، هەرێمی کوردستان.

٢_ ئەنتۆنی دی سمیس، (٢٠٠٤)، نەتەوەخوازی- تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو، وەرگێڕانی: هوشیار عەبدوڕەحمان سیویلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣_ تاڵیب حوسێن عەلی(د.)، (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤_ جاناتان کالر، (٢٠١٦)، فێردیناند دو سۆسۆر، وەرگێڕانی: مستەفا غەفوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٥_ ڕەفیق شوانی(د.)، (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٦_ زبیر بلال اسماعیل، (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێڕانی: یوسف رؤوف اسماعیل، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە(١٠٤)، دار الحریة للطباعة، بەغدا.

٧_ زوبێر عەلی عارف، (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

٨_ ساجیده عەبدوڵلا فەرهادی، (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٩_ سەلام ناوخۆش، (٢٠١٠)، شێوازی هەولێر هەوڵێك بۆ ستاندەرێکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان، گۆڤاری زمانناسی ژمارە(٦)، ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٠_ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١١_ قەیس کاکل تۆفیق(د.)، (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێك)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، زنجیرەی کتێب(١٤)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٢_ کامیل حەسەن بەسیر(د.)، کوردستانی کوکریانی(د.)، سادق بهائەدین ئامێدی، حەمەئەمین هەورامی، (١٩٨٧)، زارە کوردی یەکان، طبعت في مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، بەشی کوردی، کۆلیجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

١٣_ محەمەد شوانی(د.)، (٢٠١٢)، سۆسیۆلۆژیای چینە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی چینایەتی کۆمەڵگای کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٤_ محەمەد مەعروف فەتاح(د.)، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، شێروان حسین خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٥_ مراد حکیم، (٢٠٢٠)، ئایا کۆمەڵگەیەك هەیە بە ناوی کۆمەڵگەی کوردی؟، لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئامادەکاران: ئیحسان وەلزی و موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

١٦_ مهاباد کامیل عەبدوڵلا(د.)، (٢٠٢١)، هەورامی زارێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە(١)، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت و ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوە هزر دەری دەکات، چاپخانەی تاران.

١٧_ یوسف شەریف سەعید(د.)، (٢٠١١)، زمانەوانی، کۆکردنەوەی: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ دەستوور:

١٨_ پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤.

_ چاوپێکەوتن:

١٩_ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبونا ئارتۆت خالاتیان، (٢٠٢١/١٢/٤)، کەنیسەی سەلیبی موقدس، تائیفەی ئەرمەنی ئارسۆدۆکس، عەنکاوە، هەولێر.

٢٠_ چاوپێکەوتن لەگەڵ گەیلان نجم الدين نورالدين آلتي برماغ، (٢٠٢١/١٢/١٩)، شارەزا لە بواری ئامار، ماڵی تورکمان، هەولێر.

دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

٢١_ ابراهيم محمود خليل(د.)، (٢٠١٠)، مدخل الى علم اللغة، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، الاردن.

٢٢_ أبي الفتح عثمان بن جني، (٢٠٠٦)، الخصائص، تحقيق: عبدالحميد هنداوي(د.)، المجلد الأول، الناشر دار الحديث، مصر.

٢٣_ الاب البير أبونا، (٢٠٠١)، قواعد اللغة الارامية، تقديم و نشر: عزيز نباتي، الطبعة الاولى، طبع في مطبعة أوفيست هەولێر، اربيل.

٢٤_ الاب شليمون ايشو خوشابا، (٢٠٠٥)، دروس في تعليم اللغة السريانية، منشورات دار ادى شير للنشر و الاعلام:١٧، الطبعة الاولى، مطبعة هاوار، دهوك.

٢٥_ أندريه لالاند، (٢٠٠١)، موسوعة لالاند الفلسفية، معجم المصطلحات الفلسفة النقدية و التقنية، تعريب: خليل احمد خليل، المجلد الاولA-G، الطبعة الثانية، منشورات عويدات، بيروت- باريس.

٢٦_ باسم رشيد زوبع(د.)، (٢٠١٨-٢٠١٩)، دور اللغة الاعلامية في رفع المستوى الثقافي للمجتمع، الجامعة العراقية، كلية الاداب، مجلة مداد الأداب، عدد خاص بالمؤتمرات.

٢٧_ ج. ڤندريس، (٢٠١٤)، اللغة، ترجمة، عبدالحميد الدواخلي، محمد القصاص(د.)، تقديم: فاطمة خليل، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٢٨_ حسن أوزمن، (٢٠٠٢)، التركمان في العراق و حقوق الانسان، الطبعة العربية الاولى، Ahmet Mithat Efendi Sokak، Turkiya.

٢٩_ جين أتشس، (٢٠١٦)، اللسانيات مقدمة الى المقدمات، ترجمة و تعليق: عبدالكريم محمد جبل، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٣٠_ ر.هـ روبنز، (١٩٧٨)، موجز تاريخ علم اللغة (في الغرب)، ترجمة: احمد عوض(د.)، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب، الكويت.

٣١_ روبين بيت شموئيل(د.)، (٢٠١٦)، لغة الاشوريين المعاصرين، (السوريث)، الطبعة الاولى، مطبعة نصيبين- القوش، الناشر منظمة كانبى (CANPI)، دهوك.

٣٢_ شحدة فارع(د.)، موسى عمايرة(د.)، جهاد حمدان(د.)، محمد العناني(د.)، (٢٠٠٣)، مقدمة اللغويات المعاصرة، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

٣٣_ عبدالسلام المسدي(د.)، (٢٠٠٦)، الأسلوبية و الأسلوب، الطبعة الخامسة، الدار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت، لبنان.

٣٤_ عبدالله مرقس رابي(د.)، (٢٠١٦)، الكلدان و الاشوريون و السريان المعاصرون و صراع التسمية، تحليل سوسيولوجي، الناشر هدية الرابطة الكلدانية.

٣٥_ عبده الراجحي(د.)، (١٩٩٥)، علم اللغة التطبيقي و التعليم العربية، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية.

٣٦_ فردينان دى سوسور، (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز(د.)، بيت الموصل، جامعة الموصل.

٣٧_ كرخي نجم الدين آلتي برماغ، (٢٠١٢)، المواطنة الصالحة و أثرها في تقدم المجتمع العراقي (إقليم كردستان نموذجاً)، الطبعة الاولى، مطبعة ئاراس، أربيل، كردستان.

٣٨_ محمد محمد يونس علي، (٢٠٠٤) مدخل الى اللسانيات، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي، ليبيا.

٣٩_ مجموعة من كبار الباحثين، (٢٠٠٥)، موسوعة عالم الأديان، الكنيسة الأرمنية، باشراف: ط. ب. مفرج، الجزء الخامس عشر، طبعة ثانية، دار النشر و التوزيع NOBILIS، بيروت.

٤٠_ محمد علي الخولي(د.)، ( ٢٠٠٠ )، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، الاردن.

٤١_ __________، (١٩٩١)، معجم علم اللغة النظري، طبع في لبنان، مكتبة لبنان، بيروت.

٤٢_ محمود فهمي الحجازي، (١٩٧٣)، علم اللغة العربية، مدخل تاريخي مقارن في ضوء التراث و اللغات السامية الناشر وكالة الطبوعات، الكويت.

٤٣_ نصرت مردان(د.)، (٢٠١٠)، الصحافة التركمانية في العراق بين القرنين ١٩١١- ٢٠٠٦، الطبعة الاولى، الناشر مؤسسة وقف كركوك، الطباعة و التجليد Yaylacik Matbaaciti، استانبول.

٤٤_ هدسون(د.)، (١٩٩٠)، علم اللغة الاجتماعي، ترجمه: محمود عياد (د.)، الطبعة الثانية، الناشر عالم الكتب، القاهرة.

٤٥_ هرمان تول، (٢٠١٠)، الكلدو_ اشوريون مسيحيو العراق و ايران و تركيا، ترجمة: الأب ألبير أبونا، شركة الطيف للطباعة المحدودة، اربيل.

٤٦_ هناء صبري(د.)، ( ٢٠١٥ )، فلسفة اللغة عند نعوم تشومسكي، الطبعة الاولى، الناشر المكتب العربي للمعارف، القاهرة.

٤٧_ يونان هوزايا، (٢٠١٣)، السريانية المعاصرة أو لغة ال(سورث)، الطبعة الاولى، الناشر دار المشرق الثقافية، دهوك.

سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:

48_Aronoff, Mark and Rees- Miller, Janie, (2003), The handbooks of linguistics, first published, by Blackwell publishing Ltd.

49_ Crystal, David,(1992), An encyclopedic dictionary of language and languages, first published, Blackwell published.

50_Matthews P.H., (2011), Oxford, concise dictionary of linguistics, second edition, Oxford university press.

51_Meyerhoff Miriam, (2011) Introducing Sociolinguistics, second edition, Routledge Taylor and Francis group, London and new yourk.

چوارەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:

52_ https://mawdoo3.com, 29/4/2021. _مفهوم المجتمع (٢٠١٨) سناء الدويكات.

53_www.down.ketabpedia.com, 19/8/2021. محاضرات في اللسانيات الاجتماعية(٢٠٢١) لطفي بوقربة، رقم الطبعة ١، دار النشر جامعة بشار، الجزائر.

## ملخص البحث

تسمية اللغة تكون بالنسبة لشكلها، كما تستخدم في المجتمع. أن هذا البحث بعنوان (التعدد اللغوي في مجتمع أقليم كوردستان، دراسة في اللسانيات الاجتماعية الميدانية)، و يتكون حدود هذا البحث من عينة متكلمي أقليم كوردستان _ العراق، الذي يتكون من محافظات هولير، سليمانية، دهوك، حلبجة، و وكان المنهج أخذ المعلومة من مكونات القومية و المستوطنين أقليم كوردستان عن طريق توزيع استمارة الاستبيان بصورة اختيارية وعشوائية وميدانية يدا بيد وقد تم تحديد حدود جمع المعلومات من اللغة المشتركة في أقليم كوردستان، كما إن منهج البحث عبارة عن منهج علم اللغة الاجتماعي التحليلي التطبيقي مع برنامج ئيس بى ئيس ئيس (SPSS)، يحدد هذا البرنامج المعلومات بشكل جدوال و يحلل المعلومات وكذلك يظهر النتائج.

أن أقليم كوردستان يتكون من عدة أمم وأعراق و لغات مختلفة، أفترض الباحث من الممكن أن يتحسبه كمجتمع متعدد لغويا. وقد تضمن هذا البحث مقدمة وجزئين، وجاءت الخاتمة متضمنة النتائج و توصيات البحث ومن ثم المصادر و ملخص البحث باللغتين العربية و الأنجليزية.

الكلمات المفتاحية: اللسانيات الاجتماعية، التعدد اللغوي، الكلام، المجتمع، اللغة.

## Abstract

Language is named depending on the form that is used in the community.this study is entitled (Multilingualism in Society of Kurdistan Region, Applied Sociolinguistic study). The scope of this study is confined to the speakers of the Kurdistan

Region of Iraq, which includes the governorates of Hawler, Soleimani, Duhok, and Halabja. The research method was devoted to collecting data in terms of all the national components and all speakers of the people of the Kurdistan region through the questionnaire form being represented by random sampling and field practice. The scope of data collection on Lingua Franca in Kurdistan region was pinpointed. The research method adopted is an applied analytical sociolinguistics approach with SPSS program. This program identifies the data in the form of a table, analyzes them, and shows the results.
The Kurdistan Region is made up of many different nations, races, and languages, so the researcher hypothesized that it can be considered as multilingualism society. Finally, this study include introduction, two chapter ,results, the recommendation and the list of references are followed by both Arabic and English abstracts.
Keyword: Sociolinguistics, Multilingualism, Parole, Society, Language.

variety of hidden psychological messages in his way of expressing and composing, which is the duty of poetry and is expected from the creative poet.
Keywords: The style of composition, Composition of demand, Composition without demand and poetry.

---

(١) (سەبارەت بە زاراوەی کۆزمانەوانی و ویستوومە زاراوەکە لە لێکدان و تێکەڵکردن و کرتاندنی پارچەکانی کۆمەڵناسی و زمانەوانی وەرگرم، زاراوەکە پڕبەپڕی دیاردەکە ناوەستێ، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بە دوای زاراوەیەکی باشتردا گەڕام و داوام زۆر لە شارەزایان کرد زاراوەیەکی باشترم بەم واتایە بۆ داتاشن، بەڵام بێ سوود بوو و لەمە باشترمان چنگ نەکەوت، هەر چۆنێك بێت زاراوەکە ئەو کەڵکەی هەیە کورتە و بە ئاسانی وشەی تری بۆ دروست دەکرێت، وەك کۆزمانەوان و کۆزمانەوانی( ئاوەڵناو) ... هتد)(محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠: ١٣٥).

(٢) زێلیگ ساباتیا هاریسZellig Sabbetai Harris زمانەوانێکی ئەمریکی بە ڕەگەز ڕوسییە، لە ساڵی ١٩٠٩ز لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٢١ز کۆچیکردووە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە زانکۆی پەنسلڤانیاPennsylvanie لە ساڵی ١٩٣١ز خوێندوویەتی، ڕابەری ڕێبازی دابەشکاری بوو، پاشان بە قوتابییەکەی چۆمسکی کاریگەر بوو، هەربۆیە پەیوەندی بە قوتابخانەی گوێزانەوە کرد و دانراوەکانی پێکهاتوون لە(پرۆگرامەکانی زمانەوانیی بونیادگەری، ڕۆنانی بیرکاری لە زماندا، وتارەکان لە زمانەوانیی بونیادگەریی گوێزانەوە)(عبدالسلام المسدي،٢٠٠٦: ٢٠٣).

(٣) ڤندریس سەبارەت بە پەیدابونی زمان ئاماژە بەوە دەکات، کە(ئەو ڕۆژەی خەڵك هەستی کرد، پێویستییان بە تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە، زمانیان دۆزییەوە. ئەویش لە بەریەککەوتنی هەندێ کەس پەیدابوو، ئەوانەی خاوەنی ئەندامی هەستەکانن و لە پەیوەندییەکانیاندا هۆکاری پەیوەندی بەکاردەهێنن، کە ئەوەی سروشت لە ژێر هەڵسوکەوتیان دایناوە: ئاماژەکردن، ئەگەر دەستی بەسەر وشەیەکدا نەشکا و سەیرکردن، ئەگەر ئاماژەکردن بەشی نەکرد)(ج.ڤندریس، ٢٠١٤: ٣٥).

(٤) ((Baily لە نێوان چەمکەکانی کۆمەڵی زمانی و کۆمەڵی گوفتاری دا جیاوازی دەکات و بڕوای وایە کە کۆمەڵی زمانی چەمکێکی گشتگیرتری هەیە و دەتوانێت یەك، یان چەند کۆمەڵێکی گوفتاری لەخۆبگرێت. بۆ نموونە، وادادەنێت کە کۆمەڵگەی زمانیی ئینگلیزی دەکرێت بۆ چەند کۆمەڵی گوفتاری دابەش بکرێت))(زوبێر عەلی عارف،٢٠١٢: ٢٠).

(٥) (هێمای زمانی Linguistic Symbols هێمای دەنگییە و بە واتای ئەوەی، کە زمان لە مەنزڵگای یەکەمیدا وێنەی دەنگی درکاوی بیستراو وەردەگرێت)(محمود فهمي حجازي،١٩٧٣: ١٠-١١).

(٦) (بە تێڕوانینی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئەو فرەزمانییە جیاوازی نییە لەگەڵ هەمەجۆریی شێوازی، کە لە ناو یەك زماندا هەیە)(جین اتشس، ٢٠١٦: ٢٥٨).

(٧) میرنشینێکی تورکمانی بە ناوی ئەتابەگی لە شاری هەولێر لە ساڵی ١١٤٤ز لەسەر دەستی زین الدین علی کوجوك کوڕی بەگ تکین، کە سەرکردەیەکی سەڵجوقی بوو، دامەزرا، کە فەرمانڕەوایەتی موسڵ و هەولێر و شارەزوور و هەکاری و خەران و سنجار و تکریتی دەکرد، ئەم فەرمانڕەوایەتییە، تاکو مزەفەرەدینی کوکبوری، کە ئەویش ٦٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتی هەولێری کرد، تا کۆچی دوایی کردنی لە ساڵی ١٢٥٨ز میرنشینەکەی ڕادەستی خەلافەتی بەغدا کرد(حسن أوزمن،٢٠٠٢: ٣٨).

(٨) زمانی سورث، یان سوریث بە واتای زمانی سریانیی نوێ دێت، کە نەتەوەکانی کلدان و ئاشوری و سریانی قسەی پێ دەکەن. بڕوانە(هرمان تول،٢٠١٠: ١٥٧)،(یونان هوزایا،٢٠١٣: ٨)،(روبين بيت شموئيل،٢٠١٦: ٢١٧).نەتەوەی سریان شوێنی نیشتەجێبوونیان دەشتی نەینەوا و شاری موسڵ و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریایە، بەڵام دوای ساڵی ٢٠١٤ز بە هۆی شەڕ لە ناوچەکەیان، بەشێکیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و (زمانی سریانی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٥٦- ٣٢٣پ.ز) زمانی فەرمی ئەو هەموو نەتەوانە بووە، کە کەوتۆتە ئاسیای بچووك و وڵاتی فارس)(سەلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٣٧-٣٨).

(٩) ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری لە ماوەی (٢٢٥٠-٦١٢پ.ز) لە ناوچەی میسۆپۆتامیا فەرمانڕەوایەتییان کردووە و خاوەنی شارستانییەتێکی گەورە و هونەری سەربازی بوون، لە سەر دەستی کلدانییەکان و میدییەکان لە ساڵی ٦١٢پ.ز ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ڕووخا(عبدالله مرقس رابي،٢٠١٦: ٦٢).

(١٠) کلدانییەکان لە سەدەکانی کۆندا لە ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا و کەناراوەکانی کەنداوی عەرەبی و شاری بابل نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی توانیان ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بڕوخێنن، فەرمانڕەوایەتیان گرتەدەست و سنوری دەستەڵاتەکەیان فرەوانکرد، کە لە ڕۆژئاوای میسر، تاکو سنوری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستانی ئێستا دەگرتەوە، شارستانییەتییەکی گەورەیان لە زانستی گەردونی و بیرکاری و فیزیا پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، دواتر سوپای ئەخمینی توانی بە هاوکاری ئەفسەرێکی سوپای کلدانی لە ٢٩ تشرینی یەکەمی ٥٣٩پ.ز دەولەتی بابل بڕووخێنێت و کۆتایی بە شارستانیەتی کلدانی بهێنێت و کلدانییەکان بۆ هەرێمەکانی تری ژێر دەستەڵاتی پەرت و بڵاوە پێ بکات(عبدالله مرقس رابي،٢٠١٦: ٦٣-٦٥).